

## یارمەتی بۆ دۆزینەوەی ئەم گەنجە ونبووە !

بەدڵێکی پڕ غەم و چاوێکی بە فرمێسکەوە ڕوو دەکەینە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و، بەرپرسیارانی کوردستان و، وەزارەتی مافی مرۆڤ لە کوردستان و وە هەموو کوردێکی بەڕێز و هەموو هاوڵاتییەکی بەڕێز. داواکارین دڵسۆزانە وەک کوردێکی هەمیشە خەمخۆر کۆمەکمان بکەن و ئەم گەنجە خۆشەویستەمان بۆ بدۆزنەوە.

**ناوی سیانی ئەم گەنجە ونبووە : ئاسۆ مەحمود عەلی**
**ڕۆژ و ساڵی لە دایک بوون: 29 /1 / 1973**
**شوێنی لەدایک بوون و نیشتەجێ بوون : سلێمانی**

ئەم گەنجە لە ڕۆژ و ساڵی 25/07/ 2003 لە شاری بەغداد بێسەر و شوێن بووە و هەوڵی زۆری دۆزینەوەی بۆ دراوە بەڵام بەبێ ئەنجام. ئاسۆ مەحمود عەلی کاسپی نێوان شارەکانی سلێمانی و بەغدادی کردووە و لەو بەینەدا پەیوەندی پچڕاوە و بێسەرو شوێن بووەو تا ئەم کاتەش هەواڵی نییە و کەس نازانێت چی بەسەردا هاتووە.

ئەم گەنجە خاوەنی هاوسەر و باوکی سێ منداڵی بچووکە. لەم بانگەوازەدا داوا لە هەموو کوردێکی خاوەن هەڵوێست و بە ویژدان دەکەین گەر هەواڵی ئەم ئازیزە دەزانن یاخود ڕۆژێک لە ڕۆژان بینیوتانە و شوێن و مەکانی دەزانن ئەوا بە سوپاس و ستایشێکی زۆرەوە داوا دەکەین بە هەر شێوەیەک بێت پەیوەندیمان پێوە بکەن.

**دڵنیابن هەرکەس ئەو هەڵوێستە گەورەیە بگرێتە ئەستۆی خۆی ئەوا دڵێ دایک و باوکێکی سەرو ڕیش سپی و دڵێ سێ منداڵێ وردیلە شاد دەکات. تکایە یارمەتیمان بدەن لە دۆزینەوەی ئەم گەنجەدا.**

**بۆ پەیوەندیپێوەکردنمان تکایە پەیوەندی بکەن بە سارا عومەر لە دانمارک بەم پۆستە ئەلیکترۆنییە (ئیمایلە) ی لای خوارەوە سوپاستان دەکەین:**

Kurdistan–86@hotmail.com